www.kurdistannet.org
12:48 19-2-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕێپیوانی کەسو کاری کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید ... ئا: بەشی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی قوربانی یانی کیمیابارانی هەڵەبجە / حیکمەت فایق



سەر لەبەیانی ڕۆژی 2006/2/18 کاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە هەڵسا بە ڕێکخستنی ڕێپێوانێکی هێمنانە بە ئامادەبوونی زۆربەی کەسو کاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە.

ڕێپێوانەکە لەبەردەم بارەگای کۆمەڵەی قوربانی یانی کیمیابارانی هەڵەبجە وە بۆ بەردەم نوسینگەی پەرلەمان لە هەڵەبجەی شەهید لە کەش و هەوایەکی زۆر هێمن دا بەرێوەچوو مەبەست لەم ڕێپێوانە پێشکەش کردنی یاداشت نامەیەك بە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە سیاسی و بەرپرسەکان، ڕێپێوانەکەش بۆ مەبەستی ئەم خاڵانەبوو:

1- قەرە بوو کردنەوەی زیانە مادی و گیانی یەکانی هەڵەبجە بەتایبەتی کەس و کاری کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر بودجەی عێراق
2- چارەسەرکردنی بەپەلەی بی قەیدو شەرتی بریندارانی ئەو کارەساتە لە ناوەو دەرەوەی وڵات.
3- دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ بوژندنەوەو هەستانەوەی شارەکە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.
4- دانانی مووچەیەکی شیاو بۆ کە و کاری شەهیدان و بەپێی ژمارەی شەهید.

5- ناساندنی 3/16/ وەك ڕۆژی شەهید و ماتەمینی لە سەرتاسەری عێراق و کوردستان دا.
6- دروستکردنی خانوو بۆ کەسو کاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە.
7- دانانی نوێنەری کەسوکاری قوربانی یانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق دا.
8- پێدانی مووچە بەو خێزانانەی کەلەبەر بوونی یەك شەهید یان ئاڵوو گۆڕی وارس مووچە کانیان بڕاوە وە قەرەبوو کردنەوەیان.
9- دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی یەکی تایبەت بێت بە کیمیاباران و کەس و کاری کیمیاباران سەرپەرشتی بکەن.
10-دروستکردنی سەنتەرێك بۆ کۆمەڵەکەمان کەتیایی دا یادەکان و لێکۆڵینەوەو بە دوادا چوونی تێدا بکرێت.
11-پێدانی زەوی بەو وارسانەی کە تا ئێستا زەویان وەرنەگرتووە.

شیەنی باسە سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەڕێز (خدر کریم) بڕیاری دا کە زەوی دابەش بکات بەسەر وارسی ئەو شەهیدانەی کەتا ئێستا سودمەند نەبوون لە پارچە زەوی، هەر لەبەردەم نوسینگەی پەرلەمان دا نوێنەری پەرلەمانی کوردستان بڕیاری بە کەسو کاری شەهیدان دا کە یاداشت نامەکەیان بەرز بکاتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و لەوێشەوە بەدواداچوونی بۆ بکەن.